# ڕەهەندی گەڕانەوە بۆ ئامێزی سروشت لە شیعری (شار)ی سوارەی ئێلخانیزادەدا

**عەتا قەرەداخی**
**(سلێمانی)**

(شار) کە زیاتر بە (ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت) ناسراوە، شیعرێکی دیاری سوارەی ئێلخانیزادەیە (١٩٣٧- ١٩٧٥)، کە ساڵی ١٩٧٠ نووسیویەتی. سوارەی ئێلخانیزادە یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هاودەمی شاعیران جەمال شارباژێڕی و جەلالی میرزا کەریم و (شێرکۆ بێکەس)ە، هەروەک ڕاستەخۆ نەوەی دوای هەژار و هێمن و هاوچەرخەکانیانە لە ڕۆژهەڵات، بەڵام ئەوەندەی کاریگەری شێوازی شیعری (گۆران)ی پێوە دیارە، ڕەنگە ئەوەندە نەکەوتبێتە ژێر کاریگەری شیعری شاعیرانی موکریانەوە. هەرچەندە سوارە لە سەرەتاوە بە کێشی عەرەبی و مەسنەوی فارسی شیعری نووسیوە، بەڵام لە کۆتایی شەستەکانەوە کە تەمەنی نزیکی سی ساڵ بووە بە شێوازی شیعری سەربەست، یان پەخشانە شیعر، نووسیویەتی و دەقەکانی (خەوە بەردینە و ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت و من ئەڵێم و کوا شەنگەسوار و تاپۆ و بوومەلێڵ...تاد) نموونەی بەرز و دیاری پێگەیشتنی ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرە کورت تەمەنەن.

ئاشکرایە شیعر وەک بەرزترین و یەکێک لە ڕەگەزە ئەدەبییە دیارەکان مێژوویەکی کۆنی هەیە و لە قۆناغی ژیانی ناو سروشتەوە ئەم چەشنە ئەدەبییە بە ئاستی جۆراوجۆر بەرهەم هاتووە. لە پێش قۆناغی نووسیندا شیعر لەبەرکراوە و وەک ڕەگەزێکی زارەکی دەماودەمی کردووە و بە گۆرانی گوتراوەتەوە، کۆنترین شێوەی شیعر کە بە زمانی شیعری هۆنراوەتەوە (ڤێنداس)ە، لە نێوان سەدەی هەژدە و سێزدەی پێش زایین و دوای ئەویش ئۆدێسە دێت کە لە سەدەی هەشت و حەوتدا هۆنراوەتەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی دیاردەیەکی ئاشکرا هەیە و وەک ڕێساشی لێ هاتووە، کە شیعر لە کۆی کولتوورەکاندا لە پێش ڕەگەزە ئەدەبییەکانی ترەوە دەرکەوتووە.

ئاشکرایە شیعر بەرهەمی خەیاڵ و ئەندێشە و نەستە، کە ئەمانەش لە هەموو مرۆڤێکی ئاساییدا هەن و لە کاتی وورووژان، یان سەرکوتکردندا بە هەردوو بارەکەدا هەوڵ دەدەن گوزارشت لە خۆیان بکەن، ئەوەش هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا، یەکێکە لە هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی شیعر دیارە کە پەرەسەندنی ژیانی کۆمەڵایەتی بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە و هەر لە کۆمەڵگەی سەرەتاییەوە، یان کۆمەڵگەی پێش نووسینەوە کە بە کۆمەڵگەی دەرەوەی مێژوو ناودەبرێت، پەرەسەندنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و مرۆڤ خۆی بەردەوام بووە، تا گەیشتووەتە قۆناغی ئێستا. قۆناغی سەرەتایی ژیان، قۆناغی ژیانی نێو سروشتە، واتە ئەو ڕووبەرە خاوێنەی کە هاوتایە لەگەڵ ئەو هەست و خەیاڵ و ئەندێشە خاوێن و ناسک و بێگەردەدا کە سەرچاوەی



**سوارەی ئیلخانیزادە**

بەرهەمهێنانی شیعرە، لێرەوە دەشێ بگوترێت شیعر دەربڕین بووە لەو خاوێنی و ناسکی و بێگەردییە و وێناکردنی ئەو سروشتە جوانە بووە کە هێشتا دەستی مرۆڤ تەڵخی نەکردووە و پەڵەی لەسەر دانەناوە. ئەم جوانییە جوانییەکی نموونەییە و هاوکات فەزایەکی هێمن و خامۆشە و جێگای ئارامگرتن و حەوانەوەی ڕوحە، سەرئەنجام زەمینەی بەردەوامی پاکژبوونەوەی ڕوحە و دەشێ مرۆڤ لە هەر ساتێکدا بۆی بگەڕێتەوە، بە مەبەستی حەوانەوە و ئارامگرتن و پاکژبوونەوەی ڕوح پەنای بۆ ببات.

هەر لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: ئایا ئەم دەقە شیعرییەی سوارە گەڕانەوەیە لە زەمینەی ئاڵۆز و پڕ لە هەراوزەنای شارەوە بۆ زەمینەی ئارامی نێو سروشت کە یەکەمیان، واتە زەمینەی ئاڵۆز و بکوژی هەست و ڕوح کە شارە، وا لە شاعیر، یان قسەکەری شیعرەکە دەکات پشت لەو زەمینەیە بکات و بۆ گوند، یان بۆ لادێ بگەڕێتەوە کە زەمینەی ئارامی و هێمنییە و ڕووبەری ڕەهابوونی ڕوح و هەستەکان و خەیاڵە و هاوتای سروشتە؟ واتە ئایا ئەم دەقە گەڕانەوەیە لە زەمینەی ئاڵۆزی شارەوە بۆ نێو سروشتی هێور و ئارام؟، یان جێهێشتنی شارە لە لایەن کوڕێکی پەروەردەی زەمینەی لادێوە و دووبارە گەڕانەوەیە بۆ یەکەمین زێد کە چاوی تێدا هەڵهێناوە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بەجێ دەهێڵین بۆ ئەوەی لە ڕێگای شیکردنەوەی دەقەکەوە ئەو وەڵامانە ئاشکرا بن. ئایا ئەم دەقە شیعرییەی سوارە ڕاکردنە لە واقیعی شار و گەڕانەوەیە بۆ نێو سروشت؟

هەروەک ئاشکرایە چەمکی گەڕانەوە بۆ نێو سروشت دەرئەنجام و بەرهەمی ژیانی ئاڵۆزی شار و گوشاری ژیانی سەختی نێو زەمینەی شارە. دیارە مرۆڤ بە ئازادی لە دایک بووە و لە ناو سروشتیشدا بە ئازادی ژیاوە و یەکەم کۆتوپێوەندی لەگەڵ یەکەم دەرکەوتنی خاسیەتی ژیانی نیشتەجێبووندا دەرکەوتووە کە ئەوەش، واتە نیشتەجێبوون سەرەتای ژیانی جێگیربوون و سەرەتای ژیانی شارستانیەتییە. لە نێو زەمینەی شارەوە، لە ژینگەیەکدا کە هەستەکانی مرۆڤ دەکوژرێت، خەیاڵەکانی مرۆڤ دەشێوێنرێن و خەونەکانی لەبار دەبرێن، ڕۆسۆ دروشمی گەڕانەوەی بۆ ناو سروشت بەرزکردەوە، واتە گەڕانەوە بۆ ژیانی ئازاد بۆ دەرەوەی کۆتوپێوەند، بۆ زەمینەی ڕەهابوونی هەستەکان و خەیاڵ و ئەندێشە و نەست، بۆ زەمینەی پڕ لە ئارامی و هێمنی، ڕاستییەکەی دروشمەکەی ڕۆسۆ، واتە گەڕانەوە بۆ نێو سروشت، دروشمێکە دەلالەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە و ئامانجی زیندووکردنەوەی چەمکی کێویبوونی نەرمونیان و شکۆدارکردنی سەرەتاییبوونە لە ژیان و ڕەفتارکردندا، واتە لێرەوە گەڕانەوە بۆ نێو سروشت دەلالەتی گەڕانەوە بۆ ئازادی سروشتی هەڵدەگرێت.

پێش ئەوەی بێینە سەر باسی گەڕانەوە بۆ نێو سروشت لە دەقەکەی سوارەی ئێلخانیزادەدا، ئاماژە بۆ چەمکی گەڕانەوە بۆ نێو سروشت لای هەندێ لە شاعیرانی ڕۆمانسی دەکەین، چونکە ئاشکرایە گەڕانەوە بۆ نێو سروشت بنەمایەکی قۆناغی ئەدەبی ڕۆمانسییە. وۆردزوۆرس کە زۆر بڕوای بە دروشمەکانی شۆڕشی فەڕەنسا هەبوو، بەو شۆڕشەیدا هەڵدەدا و وەک هەنگاوێک بە ئاراستەی گەڕانەوە بۆ ڕەسەنایەتی باسی دەکرد و ئەو ڕەسەنایەتییەشی لە سروشتدا دەبینی، بەڵام دواتر زانی کە ئەو شۆڕشە دەستکردی مرۆڤە، نەک دەستکردی سروشت، لەبەر ئەوە دژی وەستا و لە ئامێزی سروشتی ڕاستەقینەدا بەدوای حەوانەوەدا دەگەڕا، لە ئەنجامی بێ ئومێدبوون لە شۆڕشی فەڕەنسا، وۆردزوۆرس بە دوای وزەی چارەسەکەری سروشتدا گەڕا، بایەخی زیاتری ئەم شاعیرە بە سروشت تا ئەندازەیەکی دیار

بەهۆی بێئومێدی سیاسییەوە بوو. بەلای (شیللی)ـەوە سروشت وەک ڕوح بە بنەماکانی خۆشەویستی ئاوسە، هەروەک (جۆن کیتس)یش پێی وایە سروشت چێژی حیسی پێشکەش دەکات، لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە شیعری ڕۆمانسی بە چەند خاسیەتێک دەناسرێتەوە وەک یاخیبوون لە عەقڵ و کۆتوبەندی کۆمەڵایەتی و گەڕانەوە بە ئاراستەی دڵ، هەروەک بە تەوەربوونی تاکەکەس لە ئەدەبی ڕۆمانسیدا و یاخیبوون لە هەموو یاسا و ڕێسا و ڕێکخستن و دابونەریت و عورفێک و پشت بەستن بە سروشت و جوانییەکانی و وێناکردن و بەرجەستەکردنی پاڵەوانی ڕۆمانسی لە خاسیەتە سەرەکییەکانی شیعری ڕۆمانسین، کەواتە ئەوەی ئاشکرایە لە شیعری ڕۆمانسیدا تاکەکەس و سروشت تەوەر و پنتی سەرەکین و هەموو شتێک بە دەوری زاتی شاعیردا دەسووڕێتەوە، ئەمەش وادەکات کە زاتی شاعیر، یان پاڵەوانی ڕۆمانسی، یان قارەمانی دەقی ڕۆمانسی بەردەوام بە دوای هێمنی و هێوری و حەوانەوە و چێژدا بگەڕێت، ئەوەش لە ئامێزی هێمن و خاوێن و جوانی سروشتدا دەستەبەر دەبێت، لێرەوە ئێستا دەرگایەک هەیە تا بێینە سەر لێکۆڵینەوەی ئەم دەقە شیعرییەی ئێلخانیزادە بە ناوونیشانی " شار ".

ئەم دەقە شیعرییەی سوارە بە ناوونیشانی (شار)، یان وەک ئەوەی کە لەسەر زمانی خوێنەرە (ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت)، بریتییە لە گفتوگۆی نێوان دوو کەس، کەسی یەکەم، واتە قسەکەر کە دەشێ شاعیر بێت و کەسی دووەم گوێگر کە تەنیا وەک گوێگرێکی مەعنەوی لە پێکهاتەی زمانی دەقەکەدا ئامادەبوونی هەیە. هەر زوویش شوناسی گوێگر تا ئەندازەیەک ئاشکرا دەبێت، ئەویش لە میانەی دەربڕینەکانی قسەکەری شیعرەکەوە، کە وەک ڕەگەزی دووەم، تەنانەت وەک خۆشەویستیش دەیدوێنێت، بەڵام ئەوی کەسی دووەم لە ڕووی دەربڕین و وەڵامدانەوەوە هیچ ئامادەبوونێکی نییە، ئەمەش وادەکات کە دەقەکە بریتی بێت لە قسەکردنی قسەکەر، یان شاعیر بۆ دەرەوەی خۆی، یان بۆ هەمووان، بەڵام بە مەبەستی بەرجەستەکردنی زەمینەیەک تا لێیەوە ئامانجی دەقەکە ئاشکرا ئاراستە بکرێت، ئەوی کەسی دووەم، واتە ئەوی ڕەگەزی دووەم دەدوێنێت و ڕاستەخۆش لە نێوان خۆی و ئەودا جیاکارییەک دەکات کە دەبێتە جیاکاری لە نێوان خۆی لادێی و ئەوی شاریدا، کە لە پشتی ئەمەشەوە دووانەیەکی بەرانبەر ئامادەیە، ئەویش دووانەی لادێ و شارە.

ئاشکرایە لە زەمینەی کۆمەڵایەتی دروست و لە پەرەسەندنی ئاسایی کۆمەڵایەتیدا ئاراستەی کۆچ لە لادێیەوە بەرەو شارە، لە کۆمەڵگەی سەرەتاییەوە بەرەو شارستانیەتییە، لە سروشتەوە بەرەو تەکنۆلۆجیایە، لە ڕۆمانسیەتەوە بەرەو ڕیالیزم و مۆدێرنیزمە، بەڵام لێرەدا جووڵەیەکی پێچەوانە هەیە کە گەڕانەوەیە لە شارەوە بۆ لادێ، لە شارستانییەت و تەکنۆلۆجیاوە بۆ سروشت و بۆ ژیانی سادە، کە ئەمەش دەلالەتێکی فەلسەفی لە پشتەوەیە ئەویش خەونبینینی بەردەوامی مرۆڤە بە سادەیی و هێمنی و بێگەردی و حەوانەوەی نێو ئامێزی سروشتی جوان و هێورەوە، کە هاوشێوەی هێمنی نێو هەناو، یان منداڵدانی دایکە، واتە گەڕانەوە لە شارەوە بۆ لادێ، بۆ نێو سروشت، هاوشێوەی خەونبینینە بە گەڕانەوەوە لە هەر قۆناغێکی ژیاندا بۆ ئامێزی دایک، ئەوەش وەک جۆرێک لە خۆشاردنەوە، یان خۆحەشاردانە لە ئاڵۆزی و کێشەکانی ژیان بە مەبەستی خۆپاراستن و بەدەستهێنانەوەی حەوانەوە و ئاسوودەیی.

ناوونیشانی ئەم دەقە کە (شار)ـە، ئەگەر هەر خۆی وەک وشەیەک، یان دالێک لێی بڕوانرێت، ئەوە پێویستە وەک دەروازەیەکی سەرەکی بۆ چوونە ناو جیهانی قووڵ و تاریک و نائاشکرای دەقەکە سەیر بکرێت و پێویستی بەوەیە کە هەڵسەنگاندن بکرێت و بدوێنرێت، هەتا لەوێوە ڕێگای چوونە ناو دەقەکە ئاسانتر بێت، هەروەک ئاشکرایە کە ناوونیشان یەکەمین شوێنی بەیەکترگەیشتنی خوێنەر و دەقە و پێگەی هەڵهێنانی یەکەم هەنگاوە بەرەو داڵانە تاریکەکانی دەق کە دەشێ تروسکایی، تەنانەت ڕووناکییەکی زۆر پێشکەش بکات بۆ دۆزینەوەی ڕێگای چوونە ناوەوەی جیهانی نائاشکرای دەقەکە، تەنانەت ناوونیشان دەبێ لەگەڵ ناوەڕۆکی دەق و پێکهاتەی دەق و ئاستی جوانناسی دەق و پرسیاری دەقدا بگونجێت، کەواتە با بزانین لێرەوە ناوونیشانی ئەم دەقە "شار"، یان " ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت " چی دەگەیەنێت و چیمان پێشکەش دەکات بۆ چوونە ناو جیهانی قووڵی دەقەکە.

وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، شار وەک شوێن، زەمینەی قۆناغێکی دیاریکراوە لە ژیانی کۆمەڵایەتی کە لە دوای قۆناغی ژیانی فیودالی دێت کە قۆناغی

دەرکەوتنی پیشەسازی و پێکهاتنی چینی بۆرژوای فەرمانڕەوایە و لە بەرانبەریدا دەرکەوتنی چینی کرێکارە، لەم ڕووەوە شار زەمینەی ململانێ و پێکدادانی ئەم دوو چینەیە، کە چینی بۆرژوا هەوڵ دەدات زیاتر دەسەڵات و هەژموونی خۆی بسەپێنێت و لە بەرانبەریشدا چینی کرێکار هەوڵ دەدات و کۆشش دەکات دەسەڵاتی بۆرژوا تێک بشکێنێت و خۆی دەسەڵات بەدەست بگرێت و سیستمێکی سیاسی ئیداری باشتر کە لە خزمەتی زۆرینە و چینی خوارەوەی کۆمەڵگەدا بێت، پێک بهێنێت، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە لە شۆڕشی بۆرژوازییەوە کە لە ئەورووپای ڕۆژئاوا بۆ یەکەم جار دەستی پێ کردووە، لە بەریتانیاش ئەم شۆڕشە لەپێش وڵاتانی تری ئەورووپاوە ڕووی داوە کە لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەمدا بوو، دواتریش لە چارەکی دوایینی سەدەی هەژدەدا شۆڕشی فەڕەنسی ڕووی دا و دروشمەکانی شۆڕشی بۆرژوازی بە گشتی و شۆڕشی بۆرژوازی فەڕەنسی بە تایبەتی جێگای ئومێدی جەماوەر بوون، بەڵام دواتر و لە ئەنجامی جێبەجێ نەکردنی دروشمەکانی شۆڕشدا بێئومێدییەکی گەورە کەوتەوە، لەو کاتانەوە تا ئێستا چینی بۆرژوای سەرمایەدار لەسەر کورسی فەرمانە و سیستمی ئابووری سەرمایەداری کە سیستمی ئابووری شارە، دنیا بەڕێوەدەبات و چینی کرێکاریش بۆ خۆی وەک هێزی کار بەکاردەهێنرێت و لە دەرەوەی دەسەڵاتە و یاساکانی کار و گوشاری کار و بە زەحمەت بەدەستهێنانی پێداویستییەکانی ژیان، ئەو کەش و بارودۆخەیە کە کۆمەڵگە، یان ڕووبەرێکی فراوانی کۆمەڵگە بەدەستییەوە دەناڵێنێت و ئێستا لە شاردا مرۆڤی کارکەر هاوشێوەی ئامێرە، تەنانەت ئامێر خەریکە جێگا بە مرۆڤەکان لەق دەکات و ئێستا ڕۆبۆتەکان بە باشی زۆر لە کارەکانی مرۆڤ جێبەجێ دەکەن، ئەوەش دەبێتە گوشارێکی زیاتر بۆ سەر ژیانی هێزی کار لە شار و سەرئەنجام بەرەو بێکارکردن و برسی کردنیان دەبات، ئەمە قۆناغی ژیانی شارە تا ئێستا و سەرباری ڕووکەشی جوانکراوی ژیانی شار بە بەرهەمەکانی تەکنۆلۆجیای نوێ، بەڵام ئەگەر بە ڕوانینی ڕۆمانسیانە سەیری ژیانی شار بکەین، ئەوە بریتییە لە دۆزەخ، بێ گومان لە ڕوانگەی ڕیالیزمیشەوە شار شوێنی ڕاستەقینەی ململانێی چین و توێژە کۆمەڵایەتییە ناکۆکەکانە لە پێناوی باشترکردنی ژیانی و گەڕانەوەی بەها و شکۆ بۆ مرۆڤ وەک باڵاترین بوون و باڵاترین بوونی نێو ئەم گەردوونە.

کاتێ (شار) ناوونیشانی ئەم دەقە شیعرییەیە و شاریش وەک باسمان کرد زەمینەی ئەو ململانێ و گوشارە جۆراوجۆرانەیە بۆ سەر ژیانی مرۆڤ بە گشتی و بۆ سەر ژیانی بەشی خوارەوەی کۆمەڵگا، لە بەرانبەریدا لادێ، یان سروشت هەیە کە ئەویش قۆناغی ژیانی پێش شارە و بە قۆناغی ژیانی سادە و سەرەتای نێو سروشتیش ناودەبرێت، کەواتە ناوونیشانی ئەم دەقە شیعرییە ڕاستەوخۆ سەرنجمان بۆ بەراوردکردن لە نێوان ئەو دوو زەمینەو ئەو دوو قۆناغەی ژیان و ئەو دوو کولتوورە ڕادەکێشێت کە ئەوەی پێشتریان، واتە لادێ- سروشت بە قۆناغی ئازادی و بێ کۆتوپێوەندی ژیان دادەنرێت و ئەوەی دووەمیشیان، واتە شار بە دۆزەخی سایەی قۆناغی تەکنۆلۆجیا و ژیانی ئاڵۆز و سەختی زەمینەی شار دەزانرێت. ئەم ناوونیشانەش پەیوەست بە کەسێتی قسەکەری شیعرەکە بەراوردکردنی ژیانی ئەوە لە نێوان ئەو دوو زەمینەیەدا کە لە ئاڵۆزەکەیاندا دەژی، بەڵام بێزار دەبێت و وەک هەر مرۆڤێکی ڕۆمانسی، یان وەک شاعیرێکی ڕۆمانسی دەیەوێت پشت لەم زەمینەی شارە بکات و بۆ زەمینەی یەکەم بگەڕێتەوە کە لادێ، یان سروشت، یان ژیانی سادە و ساکاری ئامێزی سروشتی هێمن و هێورە. ئاشکرایە لێرەوە گەڕانەوە بۆ سروشت دەلالەتی گەڕانەوە بۆ ئازادی سروشتی هەڵدەگرێت، شار مانای ڕێکخستن و یاسا و ڕێسا و سنووردارکردنی جووڵە و ئازادییەکانی تاکەکەس و ملکەچ بوون و وابەستەبوون بە ڕێسا و نەریت و ئەتەکێتەوەیە، لە کاتێکدا لادێ، یان سروشت مانای ئازادی و ڕەهایی لە جووڵە و لە هەڵسوکەوتدا. ناوونیشانی ئەم دەقە شیعرییە بریتییە لە بەراوردکردن لە نێوان ئەم دوو زەمینەدا.

ئێستا لە ڕێگای ناوونیشانەوە کە ڕۆڵی کلیلی کردنەوەی دەقەکە دەبینێت بەرەو چوونە ناو دەقەکە و شیکردنەوەی بنیادی پێکهێنەرانەی و لەوێشەوە ئاشکراکردنی دەلالات و مانا و لەسەر ئەو بنەمایەش دۆزینەوەی پرسیارەکانی دەقەکە و شێوەی ئاراستەکردنیان و دیاریکردنی جیهانبینی دەقەکە دەچین، سەرەتا ئەو پرسیارەش دەکەین: ئایا ئەم دەقە لە چ قۆناغێکی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریدا نووسراوە؟ ئایا ئەو

زەمـــینەی دەقــەکـــەی تێــدا بەرهەم هاتووە چ جـــۆرە زەمینەیەکە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کـولتووری و عـەقڵـــیـیـەوە؟ ئایا ئاستی پەرەسـەندنی کـۆمـەڵایەتی چۆنە و بەو پێــیــەش لە ڕووی مــێـــژووی ئەدەبییەوە ئەم شیعرە لە چ قۆناغێکی مێژوویی شیعری کوردیدا نووسراوە؟ ئایا شیعری قۆناغی کلاسیکە، یان ڕۆمانسی، یان ڕیالیزم؟

ســـــوارە (١٩٣٧-١٩٧٥) ژیاوە، بەڵام ســـــەرەتای شیـعرنووسینی بە شێوەی کـلاسیک و لەسەر کـێشی عەرووز شیعری نووسیوە و دواتر دەستی داوەتە شیعر نووسین بە شێوازی نوێ، بەڵام ڕاستییەکەی ناوبەناو تا کۆتایی ژیانیشی هەر گەڕاوەتەوە بۆ نووسین بە کـێـشی عەرووز. مێژووی ژیانی شیعری سوارە دەکەوێتە دوای ئەزمـوونی شیـعری شاعـیـرانی مـوکریان و ئەزمـوونی شیعری (گۆران)ـەوە. بێ گومان بە پێی ئەوەی کە سوارە لە ڕۆژهەڵاتی کـــوردســــتــــان لە دایک بووە و ژیاوە و خـوێندوویەتی، ئاسـایـیـە کـە کـاریگەری کـولتـووری دەوڵەمەندی فارسی، بە تایبەتی کاریگەری شیعری نوێی فـارسیشی لەسەر بووبێت، بە تایبـەتی ئەزمـوونی نوێی شیعری فارسی لەسەر دەستی نیما یوشیج، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاشکرایە کە کـاریگەری شیـعری گۆران، یان شیعری نوێی کوردی لەسەر دەستی گۆران و هاوەڵەکانی لەسەر ئەزموونی شیعری کوردی لە ڕۆژهەڵات هەبووە، بە تایبـەتی لەسـەر سـوارە. لە ڕووی کـۆمـەڵایەتی و سـیـاسـیـشـەوە سـوارە کـوڕی قـۆناغـێکی ژیانە کـە سیـسـتـمـێکی نادادپەروەر فـەرمانڕەوای وڵاتـەکـەیەتی، سـەرباری ئەوەش مـیللەتەکەی ئەم داگـیـرکـراو و دابەش کــراوە، کــە ئەمــانەش هەر یەکــەیان بە ئاســتــێـک کاریگەرییان لەسەر کۆی ئەزموونی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەری کـــوردی هەبووە. ســـوارە باری تـەندروســـتـی خـــۆیشی زۆر باش نەبووە کــە ئەوەش دیســـان ڕۆڵ و کــاریگەری لەســـەر ئەزمـــوونی ژیانی ئەدەبی و هونەری دەبێت.

**(گوڵم!**
**دڵم پڕە لە دەرد و کوڵ**
**ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت.**
**ئەڵێم بە جامی ئاوی کانیاوی دێیەکەم،**
**عیلاجی کەم کوڵی دڵی پڕم، لە دەردی ئینتیزارەکەت.**
**وەڕەز بوو گیانی من، لە شار و هاڕەهاڕی ئەو،**
**لە ڕۆژی چڵکنی نەخۆش و تاو و یاوی شەو،).**

ئەگەر سەرەتا سەیری ئاستی ئاشکرا و بینراوی دەقەکە وەک پێکهاتەیەکی زمانی لە ناوونیشانەوە بۆ جەستەی دەقـەکـە بکەین، ئەوە دەقـێـک لەبەردەمماندا ئامـادەیە. ئێـسـتـا نازانین ئایا ئەو دەقە دەقـێکی زیندووە، یان نا؟ هەڵگری دەلالات و مانا و پرسیار و جیهانبینییە، یان نا؟ بەڵام ئەوەی ئاشکرایە پێکهاتەیەکی زمانیـیـە. ئایا ئەم پێکهاتە زمانییە لە ڕووی ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنانی شیـعـرەوە دەقـێکی شیـعـرییە؟ ئایا شێـوازی دەقەکە چ شێوازێکە؟ ئایا ئەم دەقە لیریکە؟ پەخشانە شیعرە، یان شـیــعـــری نوێیـــە؟ ئایا وێنە و لێکچـــوون و خـــوازە و بنەماکانی تری بەرهەمهێنانی شیعرییەتی تێدا چۆنە؟ ئایا شێـوەی دەربڕینی زمـانی دەقـەکـە چۆنە؟ گـێـڕانەوەیە، گفتوگۆیە، مۆنۆلۆگە، داخوازییە، فەرمانە، یان داواکاری و پاڕانەوەیە؟

ئەوەی بە ئاشکرا دەبینرێت ئەوەیە کە دەقەکە شێـوەی گفـتـوگۆی هەیە لە نێوان قسـەکەرێکی ئامادە کە دەشێ شاعیر خۆی بێت لەگەڵ گوێگرێکی نائامادە کە ڕەگەزی دووەمــە و ئەوی قــســەکــەر لە چرکــەســاتێکی پڕ لە بێزارییەوە لەگەڵی دەدوێت کە بێزارییەکەی لەوی کەسی بەرانـبـەر نیـیـە، بەڵکو لەو زەمـینەیە کـە واپێـدەچێت زەمــینەی ڕاســـتـەقــینەی ئەوی گــوێگر بێت و ئەمی قسەکەریش لە بنەڕەتدا سەر بەو زەمینە نییە، بەڵام لەژێر کــاریگەری هەر هۆکــاریکدا بێت گــوێزراوەتەوە بۆ ئەو زەمینە کە زەمینەی شارە، لێرەوە دەشێ ئەوی قسەکەر لە ئەنجامی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و پێویستبوونی شار و تەکنۆلۆجیا، یان پیشەسازیدا بە هێزی کار لادێ و ژیانی قۆناغی فـیـوداڵی و کـشـتـوکـاڵی بەجێ هێـشـتـبێت و گــوێزرابێــتــەوە بۆ زەمـــینەی شـــار و بۆ نێـــو پێـــوەندی کــۆمــەڵایەتی و بەرهەمــهـــێنانی شـــار کـــە پێـــوەندی بەرهەمـهـێنانی سـەرمـایەداری و کـولتـوور و عــەقڵ و دەســـەڵاتی چینی بۆرژوای خـــاوەن ئامـــرازەکـــانی بەرهەمهێنان و ڕێکخەری پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانە.

یان ئەوەیە کە ئەوی قسـەکەر وەک دەسـتـەبژێری لادێ بەهۆی خوێندنەوە لە زەمـینەی لادێوە بۆ زەمـینەی شـار گــوێزراوەتەوە، لە هەردوو بارەکــەدا ئەمی قــســەکـــەر دووچاری نامۆیی دەبێت لە زەمینەی شاردا و ئەم دەقەش دەبێـتە دەربڕی هەست و هەڵوێستی ئەم کەسێتییەی کە هەست بە نامۆیی دەکات و ڕابوردووی خۆی دەلاوێنێتەوە

و دەیەوێت بۆی بگەڕێتەوە کە ڕابوردووی ئەو لە زەمینەی لادێدایە، واتە ژیانی ناو سروشت. لەم ڕووەوە ئەم دەقە دەبێتە گێڕانەوەی بەسەرهاتی گەڕانەوەی لاوێکی لادێیی لە زەمینەی شارەوە بۆ زەمینەی لادێ، کە ئەوەش گەڕانەوەیە لە ژیانی شارستانیەتی و تەکنۆلۆجیاوە بۆ ژیانی سادەی لادێ و بۆ ئامێزی سروشت، لێرەوە ئاشکرا دەبێت کە بیرۆکەی سەرەکی ئەم دەقە بێزاربوونە لە ژیانی پڕ لە گوشار و سەختی شار و گەڕانەوەیە بۆ ژیانی سەرەتایی لادێ و بۆ نێو ئامێزی خاوێن و هێور و دوور لە گوشاری نێو سروشت، واتە گەڕانەوە لە پێوەندی ئامێر ئاسایی ژیانی شارەوە کە هیچ هەست و سۆزێکی مرۆیی تێدا نییە بۆ پێوەندی پتەو و بەهێزی لادێ و خێڵ و عەشیرەت کە بە تێری بە هەست و سۆز و ڕایەڵەکانی پێوەندی خوێن و دەمار بارگاوی کراوە.

لە دەستپێکدا قسەکەر، یان شاعیر کەسی بەرانبەر دەدوێنێت کە دیارە دڵدارەکەیەتی، ئەو باسی باری بێزاری و ئازار و نیگەرانییەکانی ناخی خۆی بۆ ئەوی دڵدار دەکات، دەشێ لە سەرەتادا ئاشکرا نەبێت کە هۆی بێزارییەکەی ئەمی قسەکەر چییە! کاتێ باسی ئەوە دەکات کە بڕوات و شارەکەی ئەو بەجێ بهێڵێت، لە ڕووکەش و ئاستی بینراوی زمانی یەکەمی دەقەکەدا وا دەردەکەوێت کە لەوی دڵدار بێزار بێت و بە جۆرێک دەشێ بگوترێت ئەوی دڵدار وەڵامدانەوەی بۆ ئەمی قسەکەر لە ئاستی پێویستدا نەبێت و ئەو ڕۆیشتنەی کە باسی دەکات وەک جۆرێک لە جیابوونەوە و بەجێ هێشتنی ئەم و کۆتاییهێنان بێت بەو پێوەندییەی پێکیانەوە دەبەستێتەوە، بەڵام هەر زوو ئاشکرا دەبێت کە ئەمی قسەکەر کێشەی لەگەڵ زەمینەی شاردا هەیە و ئەم لە شار بێزارە و دەیەوێت شار بەجێ بهێڵێت و بۆ گوند بگەڕێتەوە، واتە بۆ ئامێزی سروشت، کەواتە لێرەدا دووانەیەکی بەرانبەر بەرهەم دێت کە ئەویش دووانەی (شار/ لادێ)یە. ئەمی قسەکەر لە سەر بنەمای دواندنەکانی خۆی، پاشخانە کۆمەڵایەتییەکەی دەردەکەوێت کە لە بنەڕەتدا لادێ نشینە و ئێستا گەیشتووەتە شار، ئەوی دڵداریش شارنشینە، واتە هەریەکەیان هەڵگری کولتوور و عەقڵێکە کە بێ گومان جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە، یەکەم واتە قسەکەر لە دایکبوو و پەروەردەی زەمینە و عەقڵ و کولتووری لادێیە، ئەوی دڵداریش کچێکی لە دایکبوو و پەروەردەو گەورەبووی سەر زەمینەی شار و عەقڵ و کولتووری شارە، لە پاڵ ئەم دووانەیەدا، دووانەی (شاری/ لادێیی)، (شارستانیەتی/ سەرەتاییبوون)، (تەکنۆلۆجیا/ سروشت) پێکدێت، هەڵبەتە ئاشکرایە وەک پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، پێوەندییەکانی قۆناغی ژیانی شار گوشارێکی زۆر دەخاتە سەر مرۆڤ و سەرباری ئەوەی کە شار، یان کۆمەڵگەی شار زەمینەی پێگەیشتنی تاکی خاوەن شوناس و زەمینەی لە دایکبوونی بیر و بۆچوون و دیدی جۆراوجۆر و جیاوازییە، بەڵام دۆزەخێکیشە بۆ تاکەکەسی هەستیار و خاوەن دید و خەیاڵ و ئەندێشەی ڕۆمانسییانە، چونکە ئەو پێوەندییە ئاڵۆز و ئامێرئاسایەی پێوەندی شار ڕووبەڕێک بۆ مانەوەی هەست و سۆز و خەیاڵە ڕۆمانسییەکان ناهێڵێتەوە، بەڵکو بە زوویی تێکیان دەشکێنێت و لە ناویان دەبات و لە بارێکی وەهاشدا تاکەکەسی ڕۆمانسی دەکەوێتە باری ونبوون و هەست بە نامۆبیکردنەوە، یان ئەوەتا دەبێ خۆی بداتە دەستی ئەو واقیعە ناجۆرەوە، یان پشت لە پێوەندی و یاسا و ڕێسا توندەکانی زەمینەی شار و تەکنۆلۆجیا و عەقڵ دەکات و بۆ لادێ و سادەیی و ئامێزی سروشت و بۆ خەیاڵ و ئەندێشەی مەودا فراوانی ڕۆمانسییەت دەگەڕێتەوە، واتە لە قۆناغی عەقڵ و فیکرەوە بۆ قۆناغی خەیاڵی ڕۆمانسی و دەرەوەی عەقڵ دەگەڕێتەوە، لە قۆناغی گوشار و ململانێوە بۆ قۆناغی ئازادی ئامێزی سروشت و بۆ حەوانەوەی دوور لە ناکۆکی و ململانێ دەگەڕێتەوە.

ئەمی قسەکەر کە لە ئامێزی شاردا وەک نەخۆش و دەردەدار و نیگەران وەسفی خۆی دەکات، چارەسەری ئەم بارەی خۆیشی ئاشکرا دەکات کە ئەویش جامی ئاوی کانیاوی گوندەکەیەتی، کەواتە ناڕاستەوخۆ هۆکاری ئەو نەخۆشی و دەردەداری و نیگەرانییەشی نیشان دەدات کە ژیانی شارە، بەڵام لەپاڵ دیاریکردنی هۆکاری نەخۆشی و بێزاری و دەردەدارییەکەیدا، دیسان بە جۆرێک ئەوی دڵداریش تاوانبار دەکات و وەک هۆکارێکی تری بێزارییەکەی نیشانی دەدات، کاتێ دەڵێت (عیلاجی کەم کوڵی دڵی پڕم، لە دەردی ئینتیزارەکەت)، کەواتە دیارە کە ئەمی قسەکەر بەشێکی بێزارییەکەی بۆ چاوەڕوانیکردنی ئەوی دڵدار دەگەڕێتەوە، بەڵام دیسان ئەگەری ئەوەش هەیە ئەمی قسەکەر لە ئەنجامی بێزاری لە

ژیانی شار، لێکچوون لە نێوان شار و دڵدارەکەیدا دروست بکات و دەربڕینی بێزاربوون لە دڵدارەکەی ڕاستییەکەی هەر بێزاربوون بێت لە ژیانی شار، بە تایبەتیش کە دوای ئەم دەربڕینە، دەکەوێتە دەربڕین و ئاشکراکردنی هۆکارەکانی بێزاربوونی خۆی لە شار و ئەو خاسیەتانەی شاریش ئاشکرا دەکات کە مایەی بێزاربوون و هەراسانکردنی ئەمن.

ئەمی قسەکەر لە هەموو شتێکی شار بێزارە، چونکە بۆ ئەم، شار زەمینەیەکی ئاڵۆز و پڕ لە ژاوەژاو و جەنجاڵە. گیانی ئەم کە پەروەردەی لادێ و ئامێزی سروشتی هێور و خاوێنە، ئێستا بێزار و هەراسانە لە هاڕە و گرمە و هەراوزەنای شار، ڕۆژی شار بۆ ئەم پیس و نادروستە و شەویشی پڕ لە ناڵە و نرکە و نائارامییە، ڕوحی ئەم کە تینووی حەوانەوە و هێمنییە، ناشێت لەم زەمینە ناجۆرەدا ئارام بگرێت، تەنانەت خۆشەویستی ئەوی دڵداریش ناتوانێت بیگەیەنێتە ئاستێک کە ئەو ناکێشەیە بکاتە هاوکێشەیەکی هاوسەنگ و بەهۆی هێزی خۆشەویستی ئەوەوە دان بە خۆیدا بگرێت، یان بە دەربڕینێکی تر، خۆشەویستی ئەو هێزی خۆڕاگرتنی لە بەرانبەر ناجۆری پێوەندی و گوشارەکانی شاردا پێ ببەخشێت، هەر بۆیە سەرباری خۆشەویستی ئەو، ئەمی قسەکەر سووربوونی خۆی لەسەر بەجێهێشتنی زەمینەی شار ڕادەگەیەنێت، ڕاکردنی شاعیر، یان قسەکەر لە شار تەنیا قسە و رووکەشێکی بێ ناوەڕۆک نییە، بەڵکو چەمکی گەڕانەوە لە شارەوە بۆ نێو سروشت مانای گەڕانەوەیە لە نێو دروستکراوەکانی دەستی مرۆڤەوە کە بە ڕوانینی ئەفلاتوون لاساییکردنەوەی سێیەمن و فریودەر و هەڵخەڵەتێنەرن، بۆ سروشتی خاوێن و جوان، بۆ پانتاییەکانی وێنەی یەکەم، ئەوەی کە ئەنگلس دەڵێت هەموو جوانییەکانی ئەو هونەرەی مرۆڤ بەرهەمی هێناوە لەبەر شۆراوەی جوانی و هارمۆنیای سروشتن، کەواتە لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر باسکردنی گوشاری ژیانی شار و تەکنۆلۆجیا و دەسەڵاتی سیستماتیکیش پشتگوێ بخەین، ئەوە شاعیر ئەو دوڕناسەیە کە بە دوای گەوهەری جوانی و بە دوای هارمۆنیای ڕەسەن و هێمنی و ئارامی نێو سروشتدا دەگەڕێت، ئەوەش بەشێکە لە هۆکاری گەڕانەوە بۆ نێو سروشت کە ئەو بە گەڕانەوە بۆ لادێ ناوی دەبات. ئەو دەڵێت:

**(ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت،**
**لە شاری چاو لەبەر چرای نیئۆن شەوارەکەت،**
**بڕۆمە دێ، کە مانگەشەو بزێتە ناو بزەم،**
**چلۆن بژیم لە شارەکەت،**
**کە پڕ بە دڵ دژی گزەم ؟).**

شاعیر تا ئێستا بڕیاری تەواوەتی نەداوە کە شار بەجێ بهێڵێت، بەڵکو ئەوە وەک پرۆژەیەک دەخاتە ڕوو، هەروەک پێدەچێت بەجۆرێک چاوەڕوانی وەڵامی دڵدارەکەشی بکات، ئەمە سەرباری ئەوەی کە شار وەک شاری دڵدارەکەی دەناسێنێت، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە ئەمی لادێیی لەگەڵ کیژێکی شارنشین کەوتوونەتە داوی خۆشەویستییەوە، هەرچەندە دەشێ لە بنەڕەتدا بوونی دڵدارێکی لەم جۆرە تەنیا دروستکراوی خەیاڵ بێت و لەسەر زەمینەی واقیع بوونی نەبێت، ئەو دروستکردنەش لە سنووری خەیاڵدا ئامادەکردنی زەمینە بێت، بۆ ئەوەی لەوێوە بەراوردی دوو شوێن، یان دوو جوگرافیا بکات و خاسیەتەکانی هەریەکەیان دەربخات و لایەنی ئەرێنی و نەرێنییان وەک دوو بنەما، یان دووانەی دژ نیشان بدات و سەرئەنجامیش لایەنگیری خۆی بۆ یەکێکیان نیشان بدات، هەروەک پاساو و بەڵگەی دروست و بڕواپێکراویش بۆ پەسەندکردنی یەکێکیان و بۆ ڕەتکردنەوەی ئەوی تریان بخاتە ڕوو کە کۆی پاساو و بەڵگەکانیش لەوەدا کۆدەبنەوە کە کامیان زەمینەی کوشتنی ڕوحی مرۆڤ و بەهای ژیان و گەوهەری جوانی و بریسکەی ڕاستگۆییە، کامیشیان هەواری تێدا ژیان و بڵندبوونی ڕوح و ژیانەوەی بەهای ڕاستەقینەی ژیان و مرۆڤایەتی و بریسکەدانەوەی پرتەوی ڕوح و گەوهەری جوانییە؟ لە هەموو ئەمانەدا شاعیر لایەنگری لادێ و سروشت و کۆی ڕەگەزەکانی سروشتە بە هەموو جوانی و خاوێنییەکانیانەوە.

ئەم دەیەوێت شارەکەی دڵدارەکەی بەجێ بهێڵێت. شارێک کە بە گڵۆپی نیۆن ڕووناک کراوەتەوە، بەڵام ئەو ڕووناکییە فریودەرە، یان ڕووناکییەکی سروشتی نییە، بۆیە ئەم وەک نوێنەری کۆی مرۆڤ، یان بەلایەنی کەمەوە مرۆڤە هەستیارەکان چێژ لەو ڕووناکییە فریودەرە وەرناگرێت، چونکە ڕووناکییەکی ڕێنیشاندەر نییە، بەڵکو چەواشەکەر و ڕێگا ونکەرە! لە بەرانبەر ئەم ڕووناکییە فریودەرەدا تیشکی مانگەشەو هەیە کە سروشتی جوان و هێمنی لادێ ڕووناک دەکاتەوە و هەموو شتێک وەک خۆی و وەک ئەوەی کە هەیە نیشان دەدات.

ئەمی شاعیر شەیدای بینینی شتەکانە لەبەر تیشکی ڕاستیدەرخەری مانگەشەودا، دەشێ لە پشتی ئەم بۆچوونەوە، لێکدانەوەیەکی تریش هەبێت بۆ تیشکی گڵۆپی نیۆنی شار و تیشکی مانگەشەو. تیشکی گڵۆپی نیۆن ئەو بیرۆکە فریودەر و هەڵخەڵەتێنەرەیە کە ناتوانێت مرۆڤایەتی بە گشتی، یان کۆمەڵگەکەی شاعیر بە تایبەتی و لەوەش تایبەتتر زەحمەتکێشان و هێزی بەرهەمهێن بەرەو ئاسۆیەکی ڕوون و گەش ڕابەرایەتی بکات، ئەو بیرەش کە بە گڵۆپی نیۆن هێما دەکرێت بەرهەمی سەرمایەداری و قۆناغی ئاسن و تەکنۆلۆجیایە و پرۆژەی زیاتر بە کۆیلەکردنی مرۆڤ و ڕووخاندنی گەوهەری مرۆڤایەتی لە خۆیدا هەڵگرتووەو بکوژی ئازادی، تەنانەت بکوژی مرۆڤایەتی و مرۆڤیشە. لە بەرانبەردا تیشکی مانگەشەو هێمایە بۆ ئەو بیروباوەڕە ڕاستودروست و خاوێن و بێگەرد و دوور لە فێڵ و فریودانەی کە بە ڕاستی دەیەوێت ڕابەرایەتی مرۆڤ بکات بەرەو ئازادی و بەرەو ژیانی پڕ لە سەروەری و شکۆمەندانە بە هەموو بەهاو جوانییەکانییەوە. ئەم کە نموونەی مرۆڤی هەستیار و هۆشیارە چۆن دەتوانێت لە شارێک، یان لە زەمینە و بارودۆخێکدا بژی کە هەموو شتێکی تێدا فریودەرە. بۆ ئەمێک کە پەروەردەی نێو سروشت و سادەیی لادێی و خاوێن و بێ خەوشە، بە هەموو شێوەیەک دژی فێڵ و تەڵەکە و خەڵەتاندن و فریودانەکانی شار و تەکنۆلۆجیا و سەرمایەدارییە.

ئەمی شاعیر وەسفی زەمینەی شار دەکات و بە هێمای ئاسن و منارە ناوی دەبات، ئاسن هێمای ڕەقی و بێ سۆزی و دەسەڵاتی توندوتیژە. منارە، یان بورج هێمای قۆناغی پیشەسازی و دەسەڵاتی چینی بۆرژوای لوتبەرز و دەسەڵاتدارە، هەردووکیشیان پێکەوە هێمان بۆ قۆناغێکی ژیان کە تێیدا بە قۆناغی بە ئامێربوون، یان پەرستنی ئامێر و تەکنۆلۆجیا ناودەبرێت، کە ئەویش بریتییە لە بە کۆیلەکردنی مرۆڤ، بە تایبەتی چینەکانی خوارەوە. لە زەمینەیەکدا کە پانتاییەک بۆ هەست و سۆز و پێوەندییە دروست و بێ ڕتووشەکانی مرۆڤ نەمابێت، ئەوە باسکردن لە ئەوینی ڕاستەقینە، بە تایبەتی لە ڕوانگە و دیدی ڕۆمانسییانەوە ئەستەمە، هەر بۆیە ئەمی قسەکەر پێی وایە لە شاردا کە زەمینەی توندوتیژی و کوشتنی هەست و سۆزە، جێگایەک بۆ عیشق و ئەوینداری نییە، بەڵکو ئەم وا هەست دەکات سەرجەمی ئەو ڕایەڵە و پێوەندی، تەنانەت کولتوورەی کە بەرهەمی شارە، یان بە شێوەیەکی تر بڵێین کە بەرهەمی قۆناغی سەرمایەداری و تەکنۆلۆجیایە دەست و پێی مرۆڤ کۆتوبەند دەکەن و ڕۆڵی کەلەپچە دەبینن! بە مانایەکی تر لە ڕوانگەی ئەمی شاعیرەوە شار جۆرێکە لە زیندان، زیندانێک کە ئازادییەکانی مرۆڤ دەکوژێت و مرۆڤەکان دەکاتە جۆرێک لە کۆیلە! لەم زەمینەیەدا ڕووبەرێک بۆ ئەوین و خۆشەویستی نییە، یان بە شێوەیەکی تر دەشێ بگوترێت ئەگەر لە زەمینەیەکی لەم جۆرەدا شتێکیش بە ناوی خۆشەویستی و ئەوین هەبێت، ئەوە دەشێ هەمان خاسیەتە فریودەرەکانی بەرهەمەکانی پیشەسازی و تەکنۆلۆجیای هەبێت، لێرەدا شاعیر دووانەیەک دروست دەکات کە بریتییە لە (سروشت-ئەوین/ شار- توندوتیژی- دیسپلین). ئەمی شاعیر شار و دیسپلین و توندوتیژی بەجێ دەهێڵێت و ڕێگای بەرەو سروشت و ئەوینی ڕاستەقینە دەگرێتەبەر.

قسەکەر وەسفی شارێک دەکات دووکەڵ ئاسمانی گرتووە، ئەم وێناکردنە فەزای شارێکی هاوچەرخی پیشەسازیمان دەداتێ کە دووکەڵی کارگە و کارخانەکان لە هەموو لایەکەوە بەرز دەبنەوە، بەڵام ئەم لەبری ئەوەی باسی ئەو فەزای پێوەندییانە بکات کە لە شارێکی پیشەسازیدا دەبینرێت و دووکەڵی کارگە و کارخانە بەرزدەبێتەوە و لەلایەکی تریشەوە ماشێنی ئەو پێوەندییەی بەرهەمهێنان هێزی مرۆیی چینی چەوساوەی کارگەر بەکاری دەخات، ئەو باسی دووکەڵی ئەو دووکەڵکێشانە دەکات کە لە ماڵە دەوڵەمەندەکانەوە بەرز دەبێتەوە و لەبەردەم تیشکی پرشنگداری ڕۆژدا دەبێتە بەربەست، لێرەدا شاعیر دەیەوێت بە جۆرێک جیاوازی چینایەتی لە زەمینەی شاردا نیشان بدات، بەڵام ئەوەی ئەو نیشانی دەدات لەبری ئەوەی لە ڕێگای وێناکردنی سیستمێکی پیشەسازی و تەکنۆلۆجیاوە بێت، لە ڕێگای وێناکردنی دەوڵەمەندەکانەوەیە بەوەی کە لەبارێکی باشتردا دەژین لەچاو هەژاران و زەحمەتکێشاندا. ئەم جۆرە گوزارشتکردنە لە جیاوازی چینایەتی و نایەکسانی، ڕاستییەکەی لەبری ئەوەی زەمینەی پێوەندییەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوازیمان نیشان بدات، زەمینەی شارێکی تەقلیدی قۆناغی فیوداڵیمان نیشان دەدات کە لەبری ئەوەی ئەقڵ و کولتووری چینی بۆرژوای پیشەسازی هەژموونی بەسەردا کردبێت و بەڕێوەی ببات ئەقڵی

خانەدان و بنەماڵەی دەوڵەمەند، کە ئەمەش خاسیەتی کۆمەڵگای فیوداڵییە، دەسەڵاتی بەسەردا کردووە، واتە ئەو شارەی کە سوارە هەست دەکات تەسک و خنکێنەرە و جێگای ئەویندارى تێدا نابێتەوە، پێدەچێت شارێکی فیوداڵی بێت، نەک شارێکی پیشەسازی و شار بە چەمکی شار و بە خاسیەتەکانی شار و بە کولتوور و عەقڵی شارەوە، ئەمەش ڕووناکییەک دەخاتە سەر زەمینەی کۆمەڵایەتی و ئەو قۆناغە مێژووییەی کە دەقەکەی تێدا بەرهەم هاتووە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یان هەموو کوردستان بە گشتی، تەنانەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا کولتووری شار و پێوەندییەکانی سەرمایەداری لەو قۆناغەدا کە نزیکەی پەنجا ساڵ پێش ئێستا دەکات بەو جۆرە پێنەگەیشتووە کە گوشارەکانی ئەوەندە توند بێت و مرۆڤ بە جۆرێک نامۆ بکات کە بڕیاری بەجێهێشتنی ئەو زەمینەیە بدات و ڕێگای بەرەو لادێ، واتە ڕێگای گەڕانەوە بۆ ئامێزی سروشت لەبەر بگرێت.

قسەکەری دەقەکە زیاتر باسی خاسیەتەکانی شار دەکات و هەوڵ دەدات وێنەیەکی دزێوی ئەم زەمینەیە نیشان بدات کە دیارە ئەوەش یەکێکە لە پرەنسیپەکانی ڕۆمانسیزم. ئاسایی ڕۆمانسیزم وای دەبینێت کە زەمینەی شار، زەمینەیەکی تەنگە بۆ ئازادی، بۆ ئەوین، بۆ ژیانێکی پڕ لە سەروەری. لە شاردا هەموو شتێک بێ تامە، هەموو شتێک ساردوسڕ و بێ گیانە. لەم ڕووەوە دەڵێت:

**(لە هەر شەقام و کووچەیەک شەپۆڕی شینە دێ بەرەو دڵم،/ دەستی گەرمی ئاشنا نییە کە ئەیگوشم،/ دەستی چێوییە،/ لە شارەکەت زەلیلە شێر، گوڵم/ باوی ڕێوییە،).**

ئەمی قسەکەر، شار وەک زەمینەی پرسە پێشکەش دەکات و هەموو ئەوانەی پێوەندییان لەگەڵ دەکات، یان دەبەستێت، هەموویان ساردوسڕن و هیچ ڕایەڵە و پێوەستبوونێکی ڕوحی و مەعنەوی لە نێوان ئەم و ئەواندا دروست نابێت. بە واتایەکی تر، ئەم وای نیشان دەدات کە لە شاردا تاکەکەس بۆ خۆی و بە تەنیا لەگەڵ خۆیدا دەژی، ڕاستییەکەی ئەمە ڕەنگدانەوەی کولتووری شارە کە کەس خۆی لە تایبەتمەندییەکانی کەسی تر هەڵناقورتێنێت و تاکەکەس لە هەموو شتێکدا پشت بە خۆی دەبەستێت و خۆی کار و ئەرک و پێداویستییەکانی خۆی جێبەجێ دەکات و لە ڕووی دەروونیشەوە تاکەکەسی نێو زەمینەی شار کەسێکی بەسەرخۆدا شکاوەیە و ئەوەی هی خۆیەتی و تایبەتە بە خۆی بە باش و خراپییەوە خۆی لێی بەرپرسە و هەر خۆیشی مافی هەڵسوکەوت لەگەڵ کردن و کارپێکردنی هەیە، تەنانەت لە زەمینەی شاردا تاکەکەس لە چارەسەرکردنی کێشە و ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە و لە دابینکردنی کۆی پێداویستییە کەسییەکاندا پشت بە خۆی دەبەستێت. ئەم شێوە کارکردنەش کە دەرئەنجامی کولتوور و عەقڵی شارە، سەرئەنجام تاکەکەسێک پەروەردە دەکات کە لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێت و لە هەموو شتێکدا پشت بە خۆی ببەستێت.

قسەکەر، ئەوی دڵدار دەدوێنێت و ناڕاستەوخۆ و ڕەنگە لە بێئاگایشەوە بێت باسی لایەنی باشی و ئەرێنی شاری بۆ دەکات و وای نیشان دەدات کە لە شاردا بەهێزەکان ناتوانن گوزارشت لە ئازایەتی و توانایی خۆیان بکەن کە ئەو بەهێزەکان بە شێر ناو دەبات، بەڵام باسی ئەوە ناکات ئەم بەهێزانە لە بەرانبەر کێدا ناتوانن گوزارشت لە هێزی خۆیان بکەن! ئایا لە بەرانبەر چینە دەسەڵاتدار و بەهێزەکاندا، یان لە بەرانبەر چینی هەژار و بێ دەسەڵاتدا؟ ئاشکرایە ئەوەی لە شاردا هێمای هێزە، دەسەڵات خۆیەتی، بۆیە ئەگەر لە شاردا دەسەڵات نەتوانێت دەسەڵات و هێز جێبەجێ بکات، ئەوە شتێکی باشە، بەڵام ڕاستییەکەی وا نییە و دەشێ شاعیر مەبەستی ئەوە بێت کە پاڵەوانی ڕۆمانسی لادێ لە شاردا توانایی جێبەجێ کردنی هێزی خۆی نییە، ئەمەش دیسان پێوەندی بە دووانەی (شار/ سروشت)ـەوە هەیە، لە کاتێکدا سروشت زەمینەی پاڵەوانی ڕۆمانسی و تاکەکەسی سوپەرمان و قارەمانی بێ وێنەیە، شار لە بری زەمینەی هێز، زەمینەی عەقڵە، زەمینەی فیکر و تێڕامان و لێکدانەوە و کارکردنە بە عەقڵ، لێرەدا لە پشتی زمانی دەقەکەوە جۆرێک لە دژایەتی بۆ زەمینەی شار و لایەنگری و پاڵپشتکردنی زەمینەی لادێ و سروشت هەیە کە زەمینەی پاڵەوان و تاکەکەسی بەهێزە، بەڵام لێرەدا ئەگەر سنووری تێڕوانینی ڕۆمانسیانە بەجێ بهێڵین، ئەوە دەبێ بڵێین لەم ڕووەوە زەمینەی شار کە زەمینەی کارکردنی عەقڵ و فیکر و لێکدانەوەیە، زەمینەیەکی پەسەندترە، بەڵام دیارە ئەمە لەگەڵ فەزای گشتی دەقەکە و پرسیاری دەقەکە و جیهانبینی دەقەکەشدا یەک ناگرێتەوە کە بەگشتی لایەنگری دەقەکە

بۆ سروشت و لادێ و سادەیی و سەرەتاییبوون و ڕۆڵی قارەمانی ڕۆمانسییە، نەک عەقڵ و فیکر و لێکدانەوە. هەروەک دەشێ لێرەدا پەیوەست بە قسەکەری دەقەکە جۆرێک لە گەڕانەوە بۆ ڕابوردووی نێو سروشت و لاواندنەوەی ئەو ڕابوردووە و هیواخواستن بۆ دووبارەبوونەوەی هەبێت کە ئەم وای نیشان دەدات ئەمی ئازا و قارەمانی سەر زەمینەی لادێ و ئامێزی سروشت، ئێستا دەستی بەستراوە و ناتوانێت، یان ڕێگای پێ نادرێت ئەو هێز و لێهاتوویییەی خۆی بەرجەستە و جێبەجێ بکات، واتە زەمینەی شار هەلوێستی پاڵەوانانە دەکوژێت، یان بەشێوەیەکی تر بڵێین شار زەمینەی کوشتنی پاڵەوانە، زەمینەی بروانەبوونە بە هێزی تاکەکەس و پاڵەوانی نموونەیی کە ئەمە لە سروشت و لادێدا بایەخێکی گرنگی هەیە، واتە ئێمە لێرەدا لە نێوان دوو عەقڵ و دوو کولتووردا ڕاوەستاوین: کولتووری لادێ و عەقڵی لادێ لە بەرانبەر کولتووری شار و عەقڵی شاردا کە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە یەکەمیان بە کۆمەڵگەی نێو سروشت و دووەمیان بە کۆمەڵگەی شار ناودەبرێت، یان کۆمەڵگەی سەرەتایی و کۆمەڵگەی پیشەسازی.

قسەکەر لە ڕێگای بەراوردکردنی زیاترەوە لە نێوان شاری ئەوی دڵدارەکەی و لادێی خۆیدا، ڕووە دزێوەکانی شار و ڕووە گەشەکانی لادێ نیشان دەدات، بەمەش دەیەوێت پاساوی زیاتر بهێنێتەوە بۆ بەجێهێشتنی شار و گەڕانەوە بۆ گوند بۆ نێو ئامێزی سروشت. ئەو دەڵێت:

**(ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت،**
**گوڵم، هەرێمی زۆنگ و زەل**
**چلۆن ئەبێتە جارە گوڵ**
**لە شاری تۆ لە بانی عەرشە قۆندەرەی دڕاو**
**شارەکەت- ئاسکە جوانەکەم!**
**تەسکە بۆ ئەوین و بۆ خەفەت هەراو.**
**کێ لە شاری قاتڵی هەژار،**
**گوێ ئەداتە ئایەتی پەڕاوی دڵ ؟).**

ئەو شار بە هەرێمی زۆنگ و زەل ناو دەبات و پێی وایە شوێنی لەم جۆرە نابێتە زەمینە بۆ سەوزبوونی گوڵ. ڕاستییەکەی بەشی یەکەمی ئەم وێنەیە بۆ وەسفی شار تا ئەندازەیەکی ئاشکرا نەگونجاوە، چونکە زۆنگ و زەل خاسیەتی سروشتن، بەڵام دیارە لە ڕوانگەی ڕۆمانسییەتەوە دەشێ لایەنی جوانی سروشت نیشان نەدەن، ئەگەرچی زەل لە سروشتدا جۆرێک لە جوانی هەیە. بە گوێرەی زۆنگ، یان زۆنگاو هێمایە بۆ بۆگەنی و پیسی و ناشیرینی، بەڵام ئەمیش دیسان لە ئەنجامی دەست پێ نەگەیشتنی مرۆڤ و لە مانەوەی ئاو لە شوێنێکدا و ڕزینی گەڵای درەخت و کۆبوونەوەی زیندەوەرە ئاوییە پیس و ناشیرینەکان تێیدا ئەو خاسیەتە وەردەگرێت، بۆیە دەشێ لەم ڕووەوە شاعیر بیەوێت لێکچوون لە نێوان شار و زۆنگدا دروست بکات، کە بە هەمان شێوەی زۆنگ مرۆڤی خراپ و پیس و مشەخۆر لە شاردا کۆدەبنەوە. هەرچۆن زۆنگ جوانییەکان دەکوژێت و بۆنی پیس و ناخۆش بڵاو دەکاتەوە و دەبێتە شوێنی گەشەکردنی میکرۆب و لەوێشەوە نەخۆشی تەشەنە دەکات، دەشێ شاریش ببێتە جێگای مرۆڤی شێوە میکرۆب و لەوێوە ڕەفتار و بۆچوونی نامرۆیی و دژە ژیان بڵاوبێتەوە.

ئەگەر لە بری زۆنگ و زەل، شاعیر لە وێنەیەکدا سیمای شاری نیشان بدایە کە دەربڕین بێت لە ژیانی ڕاستەقینەی شار کە بریتییە لە دووکەڵی کارگە و کارخانە و هاڕە و فرەی ئامێر و ئۆتۆمۆبیل و زەنگی ئاگادارکردنەوەی کارگە و کارخانەکان و زەنگی کڵێسا، تەنانەت دەنگی بڵندگۆی مزگەوت و هاڕە و نرکەی شەمەندەفەر و میترۆ و قەرەباڵغی شەقامەکان و دیمەنی پرد و شەقامی پڕ لە ئۆتۆمۆبیل و دەرخستنی جیاوازی ئاستی چینایەتی لە ڕێگای دابەشبوونی دانیشتوانی شارەوە لە نێوان گەڕەکی سەرمایەداران و خاوەن هۆیەکانی بەرهەمهێنان لە بەرانبەر گەڕەکی هەژاران لە کرێکاران و زەحمەتکێش کە شوێنی ژیانی ئەمانەش زیاتر پەراوێزەکانی شار و شوقە خراپەکانە، ئەوە ڕوویەکی واقیعیانەتری دەبەخشی بەو شارەی کە باسی دەکات، هەڵبەت لە وێنەیەکی لەم جۆرەدا زیاتر دیمەنی شارێک بەرجەستە دەکرا کە ڕەوایەتی دەدا بە گەڕانەوە بۆ لادێ بۆ نێو هێمنی و ئارامی و جوانی ئامێزی سروشت، بەڵام ئەو شارەی کە لە دەقەکەدا باس دەکرێت شارێک نییە کە بنەماکانی شارێکی قۆناغی پیشەسازی هەبێت تا مرۆڤی ڕۆمانسی ناچار بێت پشت لەو کەش و باروەدۆخە بکات کە تەنگ بە هەست و ئەندێشە ڕۆمانسییەکانی ئەو هەڵدەچنن، لێرەوە پەیوەست بە قۆناغی بەرهەمهێنانی دەقەکە، سەرباری بوونی جۆرێک لە پیشەسازی سادە لە ئێراندا و سەرباری پەل کوتانی

بەرهەمـەكـانی سـەرمـایەداری ڕۆژئاوا بە ئاراسـتـەی دەرەوەی ڕۆژئاواو لەو ڕووەشەوە گەیشتنی بەشێکی ئەو بەرهەمانە بە ئێران و پاشکۆیەتی ڕژێمی شاهەنشایش بۆ ڕۆژئاوا و لە بەرانبەردا بڵاوبوونەوەی بیری مارکسیزم لە نێـو ئێـران، بە تایبـەتیش لە ڕۆژهەڵاتی کـوردسـتـاندا کـاریگەری لەسـەر دەسـتـەبژێری خوێندەواری ڕۆژهەڵات هەبووە، کـە سـوارەی شـاعـیـر لە دوو ڕووەوە ئەو کـاریگەرییـەی زیاتر لەسـەر دیار بووە. یەکـەمـیـان پاشخانی کۆمەڵایەتی کە کوڕی بنەماڵەیەکی دیاری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و خوێندن و ڕۆشنبیرییەکەی ئەگەر بە شـێـوەیەکی سـوننەتیش بووبێت لەو ژینگەیەدا بڵاوبووە. دووەمـیش سـوارە لیـسـانسی لە یاسـادا وەرگرتووە و لە شارێکی گەورەی وەک تاران ژیاوە کە بۆ ئەو قـۆناغـەش تاران و ورمێ بۆ خـوێندکـاری کـورد، زەمـینەی پەروەردەبوونێکی جیـاواز بوون لە واقـیـعی کوردستان خۆی، بە واتایەکی تر ئەم شارانە کە زانکۆیان تێـدا بووە و خـوێندکـاری کـورد ڕووی تێ کـردوون تا ئەندازەیەکی جیـاواز لە شارە سروشت فـیودالییـەکانی کوردسـتـان، ئەوان خاسیـەتی شاریان هەبووە و لە ڕووی پەرەسەندن و پیشەسازی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەچاو شـارەکـانی کـوردسـتـاندا بێ گـومـان لە ئاسـتێکی پێشتردا بووە، هەموو ئەمانەش کاریگەرییان لەسەر ئەوە هەبووە کـە سـوارە ئەگـەر لە خـەیاڵیـشـدا بووبێت لە کوردستانیش شارێکی پەرەسەندووی پیشەسازی دروست بکـات و بیـکـاتە زەمـــینـە بـۆ دەربڕینـی بـۆچوونـە ڕۆمانسییەکەی خۆی و پشت لەو شارە بکات و ڕێگای بەرەو سـروشت و گـەڕانەوە بۆ ئامـێـزی هێـمن و ئارامی سروشت بگرێتەبەر، ڕاسـتـیـیـەکەشی جێگای خۆیەتی ئامـاژە بۆ ئەوە بکەین کـە ئەو گـەڕانەوەیەی سـوارە لە شـارەوە بۆ سـروشت باسی دەکـات، زیاتر بەرهەمی ڕۆشنبیری و بە ئاگایی ئەم شاعیرەیە لە مێژووی ئەدەبی جیهانی و لە خاسیەتەکانی ئەدەبی هەر قۆناغێک و بەو پێیەش شارەزابوون لە پرەنسیپەکانی شیعری ڕۆمانسی کـە گـەڕانەوە بۆ نێـو سـروشت لە چوارچێـوەی ئەو پرەنسیپانەدایە و دەتوانین بڵێین لە ڕووی هۆشیارییەوە سـوارە شـاری کـوردسـتـانی گـەیاندووەتە ئەو ئاسـتـەی پەرەسـەندن کە مـرۆڤ لێـیـەوە بگەڕێتەوە بۆ سروشت، ئەگـینا لە ڕووی واقـیعی پەرەسەندنی کـۆمـەڵایەتییـەوە شـاری کوردی لەو ئاسـتـەدا نەبووە کە مـرۆڤی ڕۆمـانسی لێی ڕابکات.

جارێکی تر قسـەکەری شیعرەکە لە ڕێگای باسکردنی ناجۆری زەمـینەی شـارەوە، هەوڵ دەدات پاساوی زیاتر بۆ دڵدارەکەی بهـێنێـتەوە بەوەی ئەو شارە کـە بە شاری ئەو ناوی دەبات، جـێگای ئەوین و خـۆشـەویسـتی و جـوانی تێدا نابێتەوە، لێرەدا ئەو پرسیارەش سەرهەڵدەدات: ئایا لە ڕوانگەی قسەکەری شیعرەکەوە هەموو شارێک هەمان خاسـیـەتی هەیە؟ یان ئەو بە تایبـەتی مەبەسـتی شـاری دڵدارەکـەیەتی؟ لە پشـتی ئەم پرسـیـارەوە بە تایبـەتی لە شێوازی دەربڕینی قسەکەردا کە ئەوەش لە زمانی بینراوی دەقەکەدا دەبینرێت، مەبەست شاری دڵدارەکەیەتی.

ئەگـەر ئەم لێکدانەوەیە جۆرێک لە ڕاستی تێدا بێت، ئەوە مـانای وایە قسـەکەر تەنیـا لە شارەکە بێزار نییـە، بەڵکو درزێکیش لە نێـوان ئەم و دڵدارەکـەیدا هەیە، چونکە ئەگەر ئەم تەنیا وەک عاشـقێک بدوایە، ئەوە لە پێناوی عەشقەکەیدا هەموو شتێکی دەکرد و دانی بەخۆدا دەگرت و لەگـەڵ مـەعـشـوقـەکـەیدا دۆزەخـیشی دەکـردە بەهەشت، بەڵام ڕاسـتـیـیـەکـەی لێـرەوە ئەو بۆچوونە سـەرهەڵدەدات کـە دواندنی ئەوی دڵدار تەنیـا وەک ئامـرازێکە بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە ناجۆری ژیانی شـار نیـشـان بدات، بە واتا مـەبەست لێـرەدا قسـەکردن نییـە لەسەر عیشق و خۆشەویستی بەو ئەندازەی کە قسەکردنە لەسەر دیدێکی ڕۆمانسییانە کە دەیەوێت لە شارەوە، لە زەمـینەی ژاوەژاو و قـەرەباڵغی و لەقـاڵبـدانی هەسـتـە ڕۆمانسییـەکان و داپۆشینی جوانی و کوشتنی هەستە مرۆییە ڕاستەقینەکانەوە بۆ ئامێزی سروشتی هێمن و ئارام بگەڕێتەوە کە لە ڕوانگەی ڕۆمانسییەتەوە جێگای پاراستن و جـێـبـەجێ کـردنی هەمـوو ڕووە جـوان و ناسکەکانی ژیانە، هەروەک دەشێ قسـەکـەر مـەبەسـتی ئەوەشی هەبێت کە زەمینەی شار ناتوانێت ببێتە جێگای عـیـشـقی گـەورە و خۆشـەویسـتی خـاوێن و بێگـەرد لە کـاتێکدا زەمـینەی بە ئامـێرکردنی مـرۆڤ و نامـۆبوونی مرۆڤە، تەنانەت لە خودی خۆی و لە بوونی خۆیشی.

لەم ڕووەوە شاعیر دەڵێت:

**(لە شاری تۆ، لە بانی عەرشە قۆندەرەی دڕاو**
**شارەکەت- ئاسکە جوانەکەم!**
**تەسکە بۆ ئەوین و بۆ خەفەت هەراو.**
**کێ لە شاری قاتڵی هەژار،**
**گوێ ئەداتە ئایەتی پەڕاوی دڵ؟**

**منێ کە گۆشی تاوی گەرمی بەر دەوارەکەی عەشیرەتم،**
**بە دارەتەرمی کووچە تەنگەکانی شارەکەت،**
**ڕانەهاتووە لەشم.**
**بناری پڕ بەهاری دێ**
**ڕەنگی سوور و شین ئەدا**
**لە شیعر و عاتیفەی گەشم**
**ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت گوڵم،**
**ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت).**

قسەکەری شیعرەکە باسی شاری ئەوی دڵداری دەکات و پێی وایە تەختی شار لەسەر بنەمای دراو، واتە سەرمایە بیناکراوە، هەر بۆیە بەلای ئەوەوە ئەو تەختە هیچ بەهایەکی نییە و ئەو بێ بەهایەش لە قوندەرەدا وەسف دەکات، کە دەلالەتی بێ بەهایی و ڕووتبوونەوە لە بەها مرۆییەکان دەگەیەنێت. مەبەستی شاعیر لەو تەختە شار و سیستمی ژیان و بەڕێوەبردن و دەسەڵات و کولتوور و عەقڵی شارە کە ئەو پێی وایە پارە و سەرمایە پێکهێنەریەتی و تەنیاش لە ڕوانگەی پارە و سەرمایەوە سەیری دەکرێت و هەڵدەسەنگێنرێت، تەنانەت بەهای ژیان و مرۆڤەکانیش لەم زەمینەیەدا لەسەر بنەمای سەرمایە دیاری دەکرێت، بە مانایەکی تر شار وەک بەرهەمی سەرمایە و سەرمایەداری سەیر دەکات، ئەوەش لە ڕووی بنەما مرۆییەکانەوە سووک و بێ نرخە. ئەم شارەی کە لە ڕووی بنەما مرۆییەکانەوە بەو جۆرە سووک و بێ بەهایە، جێگای خاسیەتە ڕاستەقینە و جوان و ڕاستگۆییەکانی مرۆڤی تێدا نابێتەوە. شار بە گشتی کە لە ڕێگای شاری دڵدارەکەی ئەمەوە وەسف دەکرێن، زەمینەیەک نین بۆ عیشق و خۆشەویستی و لە واقیعی وەها تفتوتاڵدا زەمینەی ئەوین و عیشق لاوازە، چونکە شار بەو جۆرەی کە لە دەقەکەدا باس دەکرێت دەبێتە گۆڕستانی هەست و خەیاڵ و ئەندێشە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ، هەر لێرەوەیە کە شار وەها ناو دەبات تەسکە بۆ ئەویندار، بەڵام جێگایەکی فراوان و بێ سنوورە بۆ خەفەت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە تێڕوانینی قسەکەری دەقەکەوە شار زەمینەیەکی ڕووتکراوەیە لە هەست و سۆز و خۆشەویستی و جێگایەکە لەبەر ئەوەی ئازادییەکانی مرۆڤی تێدا دەکوژرێن، کەواتە بوارێکی فراوانە بۆ خەفەت و ئازارچەشتن، لێرەدا قسەکەری شیعرەکە دووانەیەک لە بەرانبەر یەکتر دادەنێت کە بریتییە لە دووانەی (ئەوین/ خەفەت)، کە زەمینەی شار بەرهەمهێنی خەفەت و بکوژی ئەوین و جوانییە، لەکاتێکدا زەمینەی لادێ، یان سروشت زەمینەی بەرهەمهێنان و پاراستنی ئەوینە.

بە پێی قسەی قسەکەری دەقەکە ئەم شارە بکوژی هەژارە، ئایا مەبەست لەم دەربڕینە چییە؟ شار بۆ بکوژی هەژارە؟ ئایا شاعیر مەبەستی بەشی خوارەوەی کۆمەڵگەیە کە بە دڵنیاییەوە لە کۆمەڵگەیەکی وەک کۆمەڵگەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، یان لە کۆمەڵگەی ئێرانی کاتی بەرهەمهێنانی دەقەکەدا، ڕووبەرێکی فراوان لە کۆمەڵگە بە پێوەری ئابووری لەباری هەژاریدا بوون، هەروەک دەشێ مەبەست ئەوە بێت شار و پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی شار کە بە پێی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی دەبێ پێوەندی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بێت، لەسەر هێزی کار ڕاوەستاوە کە ئەویش هێزی بازووی چینی کرێکارە کە ئاشکرایە چینی کرێکار لەو ڕوانگەیەوە وەک چینی هەژاران سەیر دەکرێت، بۆیە لێرەوە دەشێ بگوترێت شاعیر مەبەستی ئەوەیە پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی شار کە پێوەندی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییە، بکوژی کەسیەتی و ڕوحی مەعنەوی مرۆڤایەتی چینی کرێکارە. دیارە دەبێ لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە لە قۆناغی بەرهەمهێنانی ئەم دەقە شیعرییەدا ئەو شارەی کە لە دەقەکەدا باس دەکرێت زیاتر لەوەی کە شارێکی پیشەسازی مۆدێرنی قۆناغی سەرمایەداری بێت، شارێکی نەریتی فیوداڵییە، بۆیە ئەگەری ئەوەی کە مەبەستی شاعیر لە هەژار چینی خوارەوە، یان هێزی بەرهەمهێنەری ژێر سایەی سیستمی سەرمایەداری بێت، ئەگەرێکی لاوازە، هەروەک دەشێ قسەکەری شیعرەکە مەبەستی لە هەژار لە دەقەکەدا عاشق بێت، بە تایبەتتریش مەبەستی خۆی بێت وەک عاشقێک کە لە پێوەندی و گوشارەکانی شار بێزارە و ناتوانێت لەبەردەمیدا دان بەخۆیدا بگرێت و لەوێوە بڕیار دەدات پشت لە شار بکات و ڕێگای بەرەو گەڕانەوە بۆ نێو سروشت بگرێتە بەر، چونکە لە زەمینەی توند و گوشاری سەختی شاردا کە بوارێک بۆ ڕەهاکردنی هەست و سۆز و خۆشەویستی نامێنێت، کەس گوێ لە خواستەکانی دڵ ناگرێت، واتە ڕووبەرێک نامێنێت بۆ گوێگرتن لە حەز و ئارەزووە ڕوحی و جەستەییەکانی مرۆڤی عاشق. بە مانایەکی تر شاعیر دەیەوێت بە دڵدارەکەی بڵێت شارەکەی ئەو، یان شار بە گشتی جوگرافیایەک نییە

جێگای ئەوین و خۆشەویستی و عیشق و ویستەکانی دڵ و ڕوحی تێدا ببێتەوە.

قسەکەر شوناسی ڕاستەقینەی خۆی ئاشکرا دەکات ئەویش بەم جۆرە، ڕاستە ئێستا ئەم لە شاردا دەژی، بەڵام لە بنەڕەتدا پەروەردەی لادێیە، تەنانەت باسی ئەوە دەکات کە ئەم کوڕی خێڵ، یان عەشیرەتە و ناتوانێت لە زەمینەی تەسکی شاردا هەناسە بدات و خۆی وەک زیندانی دێتە پێش چاو. لێرەدا دیسان شاعیر دووانەیەکی تر دروست دەکات کە بریتییە لە دووانەی (ئازادی/ زیندان). شار جۆرێکە لە زیندان کە تێیدا هەموو جووڵەیەکی مرۆڤ سنووردار دەکرێت و قسەکەر شار وەک بەرگێکی تەنگ بە لەشی مرۆڤ وێنا دەکات کە ئەو بەرگە تەنگە ڕێگا بە جووڵەی مرۆڤ نادات. لە کاتێکدا لادێ، یان سروشت، یان زەمینەی ژیانی خێڵ کە زیاتر بە ژیانی لادێ نشینەوە پەیوەستە، وەک ئازادی وێنا دەکات، هەروەک لێرەدا لە ئاستی قووڵتردا دووانەی (کۆمەڵگەی خێڵ/ کۆمەڵگەی شار-مەدەنی-) پێکدێت کە کۆمەڵگەی خێڵ سەرباری پەیوەستبوون بە نەریت و ڕێساکانی خێڵایەتییەوە، بەڵام جۆرێک لە ئازادی و ڕەهایی تێدایە، بە تایبەتی بۆ لووتکەی هەرەمی دامەزراوەی خێڵ، یان بۆ کوڕانی بنەماڵەی سەرۆکایەتی خێڵ کە ڕەنگە لەم ڕووەوە پێگەی کۆمەڵایەتی بنەماڵەی سوارە وەک بنەماڵەیەکی دیار و پایەدار ناڕاستەخۆ کاریگەری لەسەر ئەوە هەبووبێت کە شاعیر لەو زەمینە کۆمەڵایەتییەدا هەست بە جۆرێک لە ئازادی بکات، لە کاتێکدا ژیانی کۆمەڵگەی شار ژیانێکی ڕێکخراو و دیسپلینکراوە و ڕووبەری جووڵەی تاکەکەس تێیدا سنووردارە، ئەوەش لە ڕوانگەی دیدی ڕۆمانسییەتەوە بەجۆرێک، کوشتنی ئازادییەکانی تاکەکەسە.

لە زەمینەی شاردا، ئەوی شاعیر خەون بە ڕابوردووی خۆیەوە دەبینێت کە لە لادێ و سروشتدا ژیاوە، ئەو لە نێو زەمینەی شارەوە چاوی لە ئاسۆیەکی ترە، ئاسۆیەک کە ڕەنگاوڕەنگی بە شیعرەکانی و بە هەست و سۆزی دەبەخشێت، بە واتایەکی تر، لە ڕوانگەی شاعیرەوە مۆتیڤ و پاڵنەری بەرهەمهێنانی شیعرە. لای ئەمی شاعیر، گەوهەری جوانی و شیعرییەتی دەقەکانی، تەنانەت زیندوویی و گەشی هەست و سۆزی هەموویان سەرچاوەکەیان سروشت و جوانی و هێوری سروشتە، واتە ئەمی شاعیر سرووش لە جوانیی سروشتەوە وەردەگرێت کە لێرەدا لە دیمەنی هەمیشە بەهاریی بناری گوندەوە ئەوە وێنا دەکات، واتە ئەوە سروشتە کە پاڵنەر و بەرهەمهێنی شیعرەکانی ئەمە، ئەمی شاعیر هەست دەکات، ئەو پاڵنەرانەی کە دەبنە جووڵێنەری ئەم و دەیگەیەننە ئاستی بەرهەمهێنانی شیعر و داهێنان، سروشت و جوانییەکانی سروشتن، ئەوانەش لە شاردا نین، بۆیە ئەم هەست دەکات هەر ئەوە نییە لە شاردا ئازادییەکانی دەکوژرێن، بەڵکو لەلایەک کوشتنی ئازادییەکان دەبنە هۆی ئەوەی کە چیتر ئەو نەتوانێت شیعر بەرهەم بهێنێت، لەلایەکی تریشەوە شار بەو هەموو توندی و دیسپلینەیەوە جێگای عیشق و دڵداری تێدا نابێتەوە، ئەمەش لە ئاستێکی تردا ئەوە دەگەیەنێت کە عیشق و ئەوین لە ئازادیدا بوونی ڕاستەقینەیان هەیە و مرۆڤی ئازاد دەتوانێت عاشق بێت و عاشقانە ڕەفتار بکات و چێژ لە عیشق وەربگرێت، ئەمەش لە زەمینەی پڕ لە توندوتیژی شار و لە سایەی هەژموونی دەسەڵاتی شاردا وەک ئەوەی پێویستە بەدی نایەت. هەموو ئەمانەش وای لێ دەکەن کە بە دڵدارەکەی ڕابگەیەنێت، ئەو دەیەوێت پشت لە شار بکات و بەرەو لادێ و بەرەو ئامێزی سروشتی جوان و ئارام بگەڕێتەوە، ئەمەش دیدێکی ڕۆمانسییانەیە بۆ پێوەندی نێوان سروشت و شار و لەو ڕوانگەیەشەوە شار زیندان و جێگای مردنی هەست و سۆز و جوانییە، لە کاتێکدا لادێ، یان سروشت زەمینەی ئازادی ڕەهاو زەمینەی ڕەهابوونی هەست و سۆز و جوانییە.

ئەگەر لە ڕوانگەی بنیادی زمانی دەقەکەوە سەیری ئەم شیعرە بکەین، ئەوە سەرباری وێنە و دەربڕینی ئەوتۆ کە بۆ وەسفی شار و ژیانی شار گونجاو نین، وەک لە شیکردنەوەکەدا باسمان کرد، بەڵام بە جۆرێک بابەت و شێوەی ئاراستەکردنی پرسیارەکانی دەقەکە و سەرئەنجامیش جیهانبینی ئاشکرای دەقەکە، یان بیرۆکەی سەرەکی دەقەکە کە بریتییە لە گەڕانەوە لە زەمینەی شارەوە بۆ نێو سروشت، یەکێتیی بابەت لە دەقەکەدا نیشان دەدەن، هەروەک دیدی شاعیریش کە سەرچاوەکەی لە پرەنسیپەکانی ڕۆمانسیزمەوە بۆ شیعر و هونەر وەرگیراوە، دیدێکی ئاشکرایە و سەرباری پێنەگەیشتنی پێوەندی بەرهەمهێنان و پێوەندی کۆمەڵایەتی قۆناغی سەرمایەداری، ئەم لە شارێکی فیوداڵیدا پرۆژەی یاخیبوون و ڕەتکردنەوەی ژیانی شار و گەڕانەوە بۆ نێو سروشت و درێژەدان بە ژیانی نێو سروشت دەخاتە ڕوو، هەروەها بە جیددیش پشتگیری دەکات. هەر لێرەشەوە ئەم دەقە شیعرییە، سەرباری بوونی

خاسیەتی ڕیالیزم تێیدا، بەڵام دەقێکی ڕۆمانسییە، یان بە خاسیەکانی شیعری ڕۆمانسی بارگاوی کراوە، ئەویش هەم لە ڕووی زمان و وێنە و ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنانی دەقەوە، هەم لە ڕووی فیکر و جیهانبینییەوە. لەم ڕووەشەوە شاعیر بە تەواوی بە پرەنسیپەکانی شیعری ڕۆمانسییەوە پەیوەستە لە هەردوو ئاستی زمانی شیعری و جیهانبینی شیعریدا. لە ڕووی زمانەوە دەقەکە بە زمانی پاراوی کوردی نووسراوە، بەڵام زمانی قۆناغی ژیانی لادێ و قۆناغی کشتوکاڵ و ژیانی ناو سروشتەوە و وێنەکان لە ڕەگەزەکانی سروشت بەرجەستەکراون و سەرچاوەی جوانیشی تێدا هەر سروشتە و ئاستی باڵای چێژوەرگرتنیش هەر بەو چێژەوە پەیوەستە کە لە ڕەگەزەکانی سروشت بەرهەم دێت. هەروەک جیهانبینی دەقەکەش، جیهانبینی قۆناغی ئەدەبی ڕۆمانسییە.

پێکهاتەی زمانی دەقەکە لەسەر بنەمای دووانەی بەرانبەر و هاوشێوە و هاوڕێک بنیادنراوە. لەم ڕووەوە دووانەی بەرانبەر و لێکچوون و هاوتا، یان هاوڕێک لە بنیادی زمانی دەقەکەدا دەبینین. دووانەی بەرانبەر وەک (ڕۆژ/ شەو، دووکەڵ/ تیشکی خۆر، گەرم/ چێوی، شێر/ ڕێوی، زۆنگ و زەل/ جارەگوڵ، تەسک/ هەراو)، هەروەها چەندان هاوڕێک، یان هاوشێوە لە مۆسیقادا لە بنیادی زمانی دەقەکەدا دەبینرێن وەک (دڵ، گوڵ/ ئاو، کانیاو/ دڵ، کوڵ/ بزە، کزە/ ئاسن و منارە، مەلی غەوارە)، هەروەها بەکەسکردنیش پانتاییەکی لە بنیادی زمانی دەقەکە داگیرکردووە، کە مەبەست لەمەش بەخشینی خاسیەتی مرۆڤە بە شت، وەک (ڕۆژی چڵکنی نەخۆش، شاری بە شەوارە کەوتوو، تیشکی بێ گوناه، شاری قاتڵی هەژار) کە لێرەدا خاسیەتی مرۆڤ دراوەتە پاڵ هەندێ شت کە ئەمەش لە شیعری ڕۆمانسیدا خاسیەتێکی دیارە. بێجگە لەمانەی سەرەوە دەقەکە بە لێکچوون و میتافۆر و هونەرەکانی تری شیعر دەوڵەمەندە، ئەمانە هەموویان پێکەوە لەبەرهەمهێنانی شیعرییەتی دەقەکەدا بەشداری دەکەن کە چەمکی شیعرییەت لە ناو بنیادی زماندایە بە تەکنیک و هونەرەکانی شیعرەوە، لەکاتێکدا ئاستی جوانناسی دەق دەکەوێتە ئەودیوی زمانەوە، یان ئەوەی کە پێی دەگوترێت میتا زمان، هەر لەسەر ئەم بنەمایە بوو کە یاکۆبسن زاراوەی جوانناسی بە شیعرییەت گۆڕی. شیعرییەتیش وەک یاساکانی داهێنانی هونەری سەیردەکرێت کە سەرجەم ڕەگەزەکانی زمان لە وشە و دەستەواژە و ڕستە و سەرجەم تەکنیکەکانی هونەری شیعر، بە تایبەتی وێنە و لێکچوون و میتافۆر و دژ و هاوڕێک و ئیقاع بە گشتی، چ ئیقاعی دەرەوە، یان ئیقاعی ناوەوە بێت، هەموویان لە بەرهەمهێنانی ئەم دەقەدا بەشداری دەکەن و شوناسی زیندوویەتیش بە دەقەکە دەبەخشن و دیسان لە بەرهەمهێنانی پرسیارەکانی دەقەکە و جیهانبینی دەقەکەدا بەشداری دەکەن.

**سەرئەنجام:**

دەتوانین بڵێین ئەم دەقە شیعرییە کە خاسیەتی دەقێکی زیندووی هەیە و لە ڕووی زمانەوە بە کوردییەکی پاراو نووسراوە و زمانەکەی زیاتر لەوەی زمانی کۆمەڵگەی شار و قۆناغی پیشەسازی و سەرمایەداری بێت، زمانی کۆمەڵگەی لادێ و قۆناغی کشتوکاڵ و سەردەمی پێوەندی کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنانی فیوداڵییە. لەپاڵ ئەوەدا جیهانبینی دەقەکە جیهانبینی قۆناغی ڕۆمانسییە و لەسەر یەکێک لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی ئەم قۆناغە بنیادنراوە و بەرهەم هێنراوە کە بریتییە لە گەڕانەوەی مرۆڤی هەستیار لە زەمینەی سەخت و توند و دیسپلینکراوی شار و سایەی سیستەمی سەرمایەداری و دەسەڵاتی چینی بۆرژواوە بۆ نێو سروشت و بۆ ئارامی و هێوری سایەی سروشت، ئەوەش بە مەبەستی حەوانەوە و دوورکەوتنەوە لە گوشارە خنکێنەرەکانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی شار، لەبەرئەوەی ئامانجی سەرەکی دەقەکە بەرجەستەکردنی ئەو دیدە ڕۆمانسییەیە کە بەجێهێشتنی شار و گەڕانەوەیە بۆ نێو سروشت، شاعیر ئەوی بەرانبەر، یان گوێگر کە وەک دڵدارەکەی دەیدوێنێ، تەنیا وەک ئامرازێک بۆ دروستکردنی ئەو ئاخاوتنە بەکاردەهێنێت، هەر بۆیە بەئاشکرا دەبینرێت ئەوی دڵدار تەنیا ئامادەبوونێکی سادەی مەعنەوی هەیە و تەنیا ڕۆڵی گوێگرێکی هەیە کە لە ڕووی جووڵەوە هیچ ئامادەبوونێکی نییە، نە لە چوارچێوەی جوگرافیای دەقەکەدا و نە لە واقیعی دەرەوەی دەقەکەدا، ئەمەش تا ئەندازەیەک پەیوەست بەو قۆناغەی کە دەقەکەی تێدا بەرهەم هاتووە و لە واقیعی کۆمەڵگەی کوردەواریدا، ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە ژن، یان ئافرەت وەک ڕەگەزی دووەم سەیر دەکرێت و تەنیا ڕۆڵی گوێگر، یان پاشکۆ دەبینێت کە ئەمەش دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی کوردییە لەو قۆناغەدا.